سەماحەتی حەکیم لەیادی سی و حەوتەمینی تاوانی ئەنفال باس دەکات و دادپەروەری بە قوربانیانی دووپات دەکاتەوە

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی باسی تاوانی قێزەونی ئەفنالی کردەوە و لەیادی سیو حەوتەمینی بە تاوانێکی جەرگ بڕی وەسف کرد و گوتی یەکێك بوو لە قێزەونترین ڕووداوەکان، مەرگ و تێکدان گەلی عیراقی پێیدا تیپەڕ بوو لەژێر حکومی دیکتاتێری.

سەماحەتی لە بەیانێکدا بەو بۆنەیەوە گوتی گەلی کوردیمان تووشی ئەو تاوانە گەورەیە هاتووە و جەرەها تاوانی دڕبەدەرکردن و ئازاردان و گەری بەکەمەڵە و دەستبەسەر داگرتنی موڵك و ماڵ و وشکردنەوەی زەوی و زار و باخەکان ئەنجامدران، لە یەکێك لە گەورەترین دیمەنی پشێلکاری بەرامبەر مرۆڤایەتی.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگە وەك ڕێزێك بە قوربانیانی ئەو ڕووداوە بەئازارە هەستینەوە سەر پە و داوا بکەین لەگەڵ هاوبەشانمان لە دیمەنی سیاسی بەوەی کە پەویستە قوربانیان ڕێزیان لێبگیرێت و ئەو زەمەی لێیان کراوە بەزیندووی بمێنێتەوە، کاریش بکرێت لەسەر قەرەبووکردنەوەی کەس و کاریان لەووی مادی و مەعنەویەوە.

لەکۆتایی قسەکانی سەماحەتی حەکیم گوتی : سلاو لەسەرجەم شەهیدانی عێراق و سەاوکی تایبەت بە ڕەحە پاك و بە گەردکانی ئەوانەی بەخوینی خێیان خاکی ئەم ولاتیان ئاودا.